# ئەمساڵ شاهیدی سەرهەڵدانی چەپێك بووین كە لەسەرپێی خۆی راوەستاو خواستو داوا ئینسانیەكانی خۆی بەیانكردو كردی بە ئاڵای حەرەكاتەكانی 16ی ئازەر

## گفتوگۆ لەگەڵ خالیدی حاجی موحەممەدی لە رابەرانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران- حیكمەتیست دەربارەی خۆپیشاندانەكانی خوێندكارانی ئێران بەبۆنەی 16ی ئازەرەوە

**سازدانو وەرگێڕانی لە فارسیەوە: سەعید ئەحمەد**

**ئۆكتۆبەر: 16ی ئازەری ئەمساڵ (بەرامبەر بە 7ی دیسەمبەری 2007)، زۆربەی زانكۆ گەورەكانی ئێران بوونە مەیدانی جوڵانەوەو خۆپیشاندانی خوێندكاران. رۆڵی چەپو كۆمۆنیستەكان لە جوڵانەوەی ئەمساڵدا لە هەموو ساڵێك ئاشكراترو بەرجەستەتر بوو، ئەمە لەشیعارو لافیتەكاندا بە تەواوی دەبینرێت. بەرلەوەی پرسیار لەسەر جوڵانەوەی ئەمساڵ بكەم، پێم باشە سەرەتا بەكورتی بۆ خوێنەرانی ئۆكتۆبەری باس بكەیت، كە ئەم بۆنەیە، واتە 16ی ئازەر، چیەو لەچییەوە هاتووە؟**

خالیدی حاجی موحەممەدی: ساڵی 1332 (دەكاتە 1953ی زایینی- وەرگێڕ) خوێندكارانی زانكۆی تاران بۆ گەیشتن بە خواستەكانیان دەستیان دایە ناڕەزایەتی دەربڕین. ئەم ناڕەزایەتیانە كە لەدژی رژێمی (پاشایەتی- وەرگێڕ) پەهلەوی بوو كەوتە بەرپەلاماری هێزەكانی پۆلیسو لەم رووداوەدا 3 خوێندكار كوژران. لەوكاتەوە ئەم رۆژە (واتە 16ی ئازەر-وەرگێڕ) بە رۆژی خوێندكاران ناسراوەو لەم یادەدا خوێندكاران لە زانكۆكانی ئێران لەرێگەی خۆپیشاندانو كۆبوونەوەو مەراسیمەكانیانەوە خواستو داواكاریەكانی خۆیان بەگوێی دەوڵەت دەگەیەننو خوازیاری جێبەجێكردنیانن.

**ئۆكتۆبەر: ئێستا ئەگەر بكرێت گوزراشێكی كورت لەسەر حەرەكاتەكانی 16ی ئازەری ئەمساڵ و شیعارەكانی لە زانكۆو شارە جیاجیاكانی ئێراندا بدەیت بە خوێنەرانی بڵاوكراوەكەمان، هەروەها لەبارەی كاردانەوەی رژێمی ئیسلامی ئێرانیش؟**

خالیدی حاجی موحەمەدی: لەچەند ساڵی رابردوودا لەسەروبەندی 16ی ئازەردا ئێمە شاهیدی شەپۆلێك لە ناڕەزایەتی بووین. ساڵی 1378 (1999ی زاینی) ناڕەزایەتیەكانی خوێندكاران لە زانكۆكانی ئێرانو بەتایبەتیش ناڕەزایەتیەكان لە زانكۆی تاراندا لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێرانو لەدژی سەركوتو فشاری پۆلیسی، وە پشتیوانی فراوانی خەڵك لەم ناڕەزایەتیە كە شەش رۆژی خایاند، جمهوری ئیسلامی هێنایە لەرزین.

ئەمساڵیش لە چەند هەفتە لەوەبەرەوە خوێندكاران خۆیان بۆ خۆنیشاندانێكی جدی لە 16ی ئازەردا ئامادەدەكرد. قسەوباسو گفتوگۆ لەنێو كۆڕو كۆمەڵی جۆراوجۆری خوێندكاراندا لەئارادا بوو. چەند تۆڕێكی فراوان لە خوێندكارانی تێكۆشەر لە شارەكانی تاران، مەشهەد، تەورێز، مازندەران، رەشت، تا شیرازو ئەسفەهانو زنجانو زۆرێك لە شارەكانی تر لەهەوڵدا بوون كە لە 16ی ئازەردا حەرەكەتێكی گەورەو رادیكاڵو هاوئاهەنگ وەرێبخەنو بچنە شەڕی جمهوری ئیسلامی. بەرلەوەی بچمە سەر هەواڵی ناڕەزایەتیەكانی 16ی ئازەر، ئاماژەیەكی زۆر كورت بە ئەوزاعێك بكەم كە 16ی ئازەری تیا بەرپاكرا.

جمهوری ئیسلامی ئێران لە چەند مانگی رابردوداو لە میانەی هەڕەشەكانی ئەمەریكاو مەسەلەی ئەتومی ئێراندا، هەوڵی ئەدا سوود لەو فەزا جەنگیە وەربگرێت كە هاتبووە ئاراوە لەدژی خەڵكی ئێرانو بۆ پاشەكشەكردن بە خەباتو تێكۆشانیان. لەهەمانكاتدا بە لەبەرچاوگرتنی شكستی دەوڵەتانی غەربی لە عێراقو ئەو هێزو رۆڵەی كە لەئەنجامی سیاسەتەكانی ئەمەریكاو بریتانیاوە بۆ رەوتە ئیسلامیەكان پێكهاتبوو، وە هاوكاتو دیسانەوە بەهێزبوونی رەوتی حیزبوڵا لە لوبنان لە ئەنجامی سیاسەتەكانی ئەم دەوڵەتانەو دەوڵەتی ئیسرائیل، جمهوری ئیسلامی هەستی بە هێزو قودرەت دەكرد. دەیەویست لەهەردوو ئەم فاكتەرە، واتە لەلایەكەوە ئەو فەزا جەنگیەی كە لەئێراندا دروستیان كردبوو و لەلایەكی ترەوە ئەو هەلو دەرفەتەی كە لەبەرامبەر غەربدا بۆی رەخسابوو، لەدژی خەڵكی ئێران كەڵك وەربگرێتو فەزای ناڕەزایەتی تێكبشكێنێ. لەم ئەوزاعەدا هەرلە دەستگیریو دادگاییكردنی كرێكاران، بانگكردنو لێپێچینەوەی نەیارانو زیادكردنی فشار لەسەر ژنان، تا پێكهێنانی فەزایەكی تەواو پۆلیسی لە زانكۆكانو دەركردنی خوێندكارانی خەباتكارو بێبەشكردنیان لە خوێندنو هەوڵدان بۆ زاڵكردنی فەزای سەكوتگەرانە لە هەموو ناوەندەكانی خوێندندا، هەموویان بەشێك بوون لە هەوڵەكانی جمهوری ئیسلامی بۆ دامركاندنەوەی فەزای ناڕەزایەتی لەنێو خەڵكداو گۆڕینی هاوسەنگیی هێزەكان بەقازانجی خۆی.

لەم هەلومەرجەداو هەروەكو باسم كرد خوێندكاران دەستیخۆیان خستەپێشو لە زۆرێك لە شارەكانی ئێران تەقریبەن لەنێوان 15 تا 20ی ئازەر، ئێمە شاهیدی شەپۆلێكی فراوانی ناڕەزایەتی بووین. رۆژی 15ی ئازەر لە زانكۆی تاران زیاتر لە 3 هەزار كەس كۆبوونەوە. بە بەرچاوی هێزە ئەمنیەكانەوە كە ژمارەیەكی زۆریان لێهێنابوون بۆ زانكۆ بۆ رووبەڕووبوونەوەی خوێندكاران، خوێندكارەكان بە شیعاری ئازادیو یەكسانی، ئازادی زیندانیانی سیاسی، زانكۆ معەسكەر نییە، ئازادی بەیان، گێرانەوەی هەموو خوێندكارە

دەرکراوەکان، لەدژی ئاپارتایدی جنسی، یەکێتی خوێندکارانو کرێکارانو دەیان شیعارو خواستی تر هاتنەمەیدان. دەرگای زانکۆ کە پۆلیس بەمەبەستی تێکەڵنەبوونی جەماوەری ناو زانکۆو دەرەوەی دایخستبوو لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە شکێنراو دیمەنێکی حەماسیی‌یان نمایشکرد. لەماوەی نێوان 15 تا 20ی ئازەر هەزاران کەس لە خوێندکاران لەسەرتاسەری وڵاتدا هاوئاهەنگو بەخواستو داواکاری هاوبەشەوە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، دەستیاندایە نارەزایەتیو هیچ حیسابێکیان بۆ هێزە ئەمنیەکان نەکرد. لە زانکۆکانی تاران، مەشهەد، تەورێز، سەبزوار، مازندەران، رەشت، یەزد، سنەو...تاد ئێمە شاهیدی نارەزایەتیەکی رادیکاڵو هاوئاهەنگ بووین. جمهوری ئیسلامی بە هەموو هەرەشەکانیەوە، بە هەموو بانگکردنو لێپێچینەوەکانیەوەو ناونانی خوێندکارانی خەباتکەر بە خوێندکارانی ئەستێرەدار، بە هەموو رێوشوێنە ئەمنیەکانیو راپێچکردنی هێزەکانی ئەمنو ئیتلاعات، نەیتوانی بەر بەم حەرەکەتە بگرێت. جێگەی سەرنجە کە ئەحمەدی نەژاد لە بەرواری 20ی ئازەر بە راپێچکردنی هێزێکی زۆری سەربازیو سەدان کەسی حیزبولڵاییو کۆڵێك رێوشوێنی ئەمنی، ویستی لە زانکۆی (أمیر کبیر)ی تاران وتەیەك پێشکەش بکات. خوێندکارانی خەباتکاریش خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ملهوڕیە ئامادەکردبوو. شوێنی کۆبوونەوەو وتەکەی ئەحمەدی نەژادیش بووە مەیدانی نارەزایەتی خوێندکاران. سەدان خوێندکار لەم رۆژەدا بە شیعاری مەرگ بۆ دیکتاتۆر، سەرەك كۆماری ئێرانیان ناکام کردەوەو رێگەیان پێنەدا کە بەئامانجەکەی بگات. کردنەدەرەوەی ئەحمەدی نەژاد لە زانکۆی (أمیر کبیر)و نارەزایەتی خوێندکارانی ئەم زانکۆیە جێگای دەرس بوو بۆ هەمووان.

**ئۆکتۆبەر: بەڕای تۆ گرنگترین ئەو فاکتەرانە چی بوون، کە وایان کرد 16ی ئازەری ئەمساڵ ئاوا رەنگوبۆیەکی چەپو ئازادیخوازانە بگرێتەخۆی؟**

خالیدی حاجی موحەمەدی: لە نارەزایەتیە خوێندکاریەکانی ساڵانی رابردوودا ئێمە هەمیشە شاهیدی نارەزایەتی رادیکاڵ بووین. بەڵام لە رابردوودا ئەم نارەزایەتیو شیعارو خواستە رادیکاڵانە لە پەراوێزەوە بووە. رەوتەکانی تر یان مەیلەکانی تر هێزە سەرەکیەکەیان لەدەوری خۆیان کۆدەکردەوە. چەپ بەگشتی لاکەوتە بوو. بەڵام ئەوەی ئەمساڵ ئێمە شاهیدی بووین، ئەوەبوو کە سۆسیالیستەکانو چەپەکان لەپێشەوەی حەرەکەتی نارەزایەتی زانکۆکاندابوون. راستیەکەی ئەمساڵ ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی چەپێك بووین کە لەسەرپێی خۆی راوەستاو خواستو داوا ئینسانیەکانی خۆی بەیانکردو کردی بە ئاڵای حەرەکاتەکانی 16ی ئازەر. گرنگترین فاکتەر بەبڕوای من سەرهەڵدانی وەچەیەکی لاوی سۆسیالیستو یەکسانیخواز بوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە چەپی لاکەوتەوە نەبوو. ئەم وەچەیەو ئەم چەپە هەوڵیدا کە هەموو خوێندکاران لەدەوری خواستە ئینسانیەکانی خۆی یەکگرتووو کۆبکاتەوە. ئەم چەپە هەوڵیدا کە ببێتە فاکتەری یەکێتیو هەڵخراندنی گەورەترین هێز. هەوڵیدا خوێندکاران قانع بکات، یەکگرتوو بکاتو لەدەوری ئامانجە ئینسانیەکانی خۆی بهێنێتە مەیدان. لە 16ی ئازەردا وەچەیەك پێشەنگی نارەزایەتیەکان بوو کە لەڕووی نەریتو لەڕووی مێژوویییەوە هیچ پەیوەندیەکی بە چەپی تەقلیدی ئێرانو چەپی لاکەوتەوە نەبوو و بێگانە بوو بە نەریتو کارو چالاکی ئەم چەپە. تۆرێك لە هەڵسووڕاوانی یەکسانیخواز پێیان نایە مەیدانو دەستیان خستەناودەستی یەكو حەرەکەتێکی سەرتاسەرییان لە تارانەوە تا مەشهەدو تەورێزو مازندەران وەرێخست. لەدڵی ئەم حەرەکاتانەدا تەیفێك لە رابەرانو رێکخەرو سازدەرانو ئاژیتاتۆرانی لاوو لەهەمانکاتدا جیاوازو مۆدێرنو مودەعی هاتەدەر کە بەشتێکی کەمتر لە ئازدیو یەکسانیو خۆشگوزەرانیو ئاسایشو ئەمنیەتو یەکسانی ژنو پیاو رازی نابێت. هاوکات دەبێ بڵێم کە ئەم رووداوە لە جەرگەی هەلومەرجێکدا روویدا کە مەیلەکانی ترو ئەو حزبو رەوتانەی کە ئەم مەیلانە سەر بەوانن لەجەرگەی ئەوزاعی ئەم دواییەدا ئاسۆکانیان بە باداچووبوو. تێکڕای تەیفی لایەنگرانی پاشایەتیو جمهوریخواز، تێکڕای جۆرەکانی ناسیۆنالیستەکانو فیدرالیستەکان کە ئومێدیان بەستبوو بە دەخالەتی ئەمەریکاوە، بەشکستی سیاسەتەکانی دەوڵەتی بوشو دارودەستەکەیان، هەموویان نوقمی ئەزمەو سەرلێشواوی بوونو ئەو هێزانەی کە لایەنگری ئەمانە بوونو هەوڵیاندەدا مۆری خۆیان بدەن لە نارەزایەتیەکان، بەگشتی ئەم دەورەیە لە مەیدان غایب بوون. ئەم هەلومەرجە ئەگەرچی لە فەزای سیاسی ئێراندا خامۆشیەکی دروستکردبوو، بەڵام بە دەستپێشخەریو هاتنەمەیدانی وەچەیەك لە لاوانی سۆسیالیستو ئازادیخوازو بە بەرزکردنەوەی خواستی رادیکاڵو ئینسانی، توانییان نەتەنها ئەو فەزای خامۆشیە بشکێنن، بەڵکو مۆری خۆشیان بدەن لە حەرەکاتەکانی ئەم دەورەیە. هەر لێرەدا دەبێ بڵێم کە جگە لەمە، تێکڕای تەیفی ریفۆرمخواز کە ئومێدیان بەئاڵوگۆڕێك لەناوخۆی رژێم بوو و لە ساڵانی رابردوودا ئەمانە هۆکاری چەند حەرەکەتێك بوون، بەدوای شکستی خاتەمیو پرۆژەی ئیسلامی رژێم ئیتر هیچ سەنگێکیان نەما. بەشێوەی واقعی تەنها رەوتێك کە بە کردەوە لەمەیدان مابووو لە هەمانکاتدا راستی بۆچوونو لێکدانەوەو رێچکە سیاسیەکەی لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێرانو ناوچەکەدا سەلما بوو، ئێمە حیکمەتیستەکان بووین.

ئەگەر بمەوێ زۆر بەکورتی وەڵامت بدەمەوە گرنگترین مەسەلە هاتنەمەیدانی تەیفێك لە کۆمۆنیستەکان بوو وەکو رابەرانو رێکخەرانو ئاژیتاتۆرانی رادیکاڵو یەکسانیخواز لە نارەزایەتیە خوێندکاریەکاندا کە خەڵکیان لەدەوری خواستە ئینسانیەکان کۆکردەوەو هێنایاننە مەیدان.

**ئۆکتۆبەر: ئێستا دوای 16 ئازەر، هاوسەنگی هێزەکان لە ناو زانکۆو بزووتنەوەی خوێندکاران بەتایبەتیو کۆمەڵگای ئێران بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنی، ئایا پێت وایە ئەمە خاڵێکی وەرچەرخان (نوقتە عەتفێك) بوو لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاریو کۆمەڵگای ئێران بەگشتی؟ ئایندەی چەپو کۆمۆنیزم لە ئێران چۆن دەبینی؟**

خالیدی حاجی موحەمەدی: ئەوەی کە 16ی ئازەر خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بزووتنەوەی نارەزایەتی لە زانکۆکانو لەراستیدا واوەتریش لەزانکۆکانو لە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێران لەپێناو ئازادیو یەکسانیدا، حاشای لێناکرێت. ئەمڕۆ ئیتر ئەوە هەر منی کۆمۆنیست نیم کە ئەمە دەڵێم، دەکرێ ئەمە لە قسەکانی سەرانی رژێمەوە تێبگەیت.

دەکرێ لە سایتەکانی سەربە حکومەتو هەواڵگریدا سەیری وێنەکانی نارەزایەتییەکانی خوێندکاران بکەیتو تێبگەیت، وەدەکرێ بە خوێندنەوەی ئەو راگەیاندنو نامەو نووسراوانەی کە ئەم ماوەیە نەتەنها لەلایەن رێکخەرانی حەرەکاتەکانی 16ی ئازەرەوە، بەڵکو لەلایەن رەوتە راستو دینییەکانو رێکخراوەکانیانەوە نووسراون، ئەمە تێبگەیت. 16ی ئازەر خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو، وە دەتوانم ئەمە لە دوو گۆشەوە باسبکەم کە هەردوکیان گەورەو گرنگ بوون. ئەوەی کە فراوانیی ئەم نارەزایەتیانەو شکستی هەوڵەکانی رژێم بۆ دامرکاندنەوەیان، بووە هۆی ئەوەی کە فەزای خامۆشیو بێجولەیی لە کۆمەڵگای ئێراندا کە لەسایەی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی غەربیو رەوتەکانی لایەنگری غەرب لە تەیفی لایەنگرانی پاشایەتیو جمهوریخوازانەوە تا ناسیۆنالیستە کوردەکان، قەومپەرستانو فیدرالیستەکانو هاوکات هەوڵەکانی جمهوری ئیسلامیەوە پێکهاتبوو، بشکێت. لەلایەکی ترەوە جمجۆڵەکانی ئەم دەورەیە لەدەوری خواستگەلێکی ئینسانی بەرپاکرانو سۆسیالیستەکان لەریزی پێشەوەیاندا بوون. ئالایەك کە لەم دەورەیەدا بەرزکرایەوە دیفاع لە ئازادیو یەکسانی، خۆشگوزەرانیو ئازادی ژنانو خەڵك بوو. هیچ خۆشباوەرییەك لەم نارەزایەتیانەدا نەبوو. ئینسانو مافەکانی ئینسانو حورمەتو کەرامەتی ئینسانو یەکسانی ئینسان لەسەروویانەوە بوو. ئەوەشتان لەیادبێت کە هەر ئەم چەند مانگەی رابردوو ئەو جموجۆڵەی کە لە ئازەربایجان وەرێکەوت بەتەواوی قەومیو کۆنەپەرستانە بوو. نەتەوەپەرستەکان لەریزی پێشەوەیدا بوونو ململانێی نەتەوەییو توندکرنەوەی جیاوازی لەسەر بناغەی زمانو شوێنی لەدایکبوون ئالاکەی بوو. ئەوە راستە کە خەڵکی بەقین بوون لە جمهوری ئیسلامی، بەڵام ئەوە خەڵکی نەبوون کە لەم جمجۆڵانەدا بەرژەوندیەکانیان نوێنەرایەتی دەکرا. رێك بەپێچەوانەوە ئەنجامەکەی دروستکردنی دوژمنایەتی بوو لەنێوان خەڵکیو مەحرومانی کۆمەڵگادا بەناوی تورکو کوردو فارسەوە. هەر ماوەیەك پێش ئێستا بوو کە رەوتە نەتەوەییە جۆراجۆرەکان بە بەڵێنەکانی دەوڵەتی بوش، خۆیان بۆ ئەوە مەڵاس دابوو کە بە لەخوێنهەڵکێشانی خەڵکی ئێرانو بە پوولو ئیمکاناتی دەوڵەتی ئەمەریکاو بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتەکانیان، کۆمەڵگای ئێران بکەنە شانۆی جەنگێکیماڵبەماڵو دراوسێ لەگەڵ دراوسێ لەژێر ناوی فیدرالیزمو مافی نەتەوەکاندا، تا بەڵکو خۆیان ببنە حوکمڕانی شارێك. ئەم دواییە هیچ خەبەرێك لەمانە نەبوو. لە زانکۆی سەهەندی تەوریز ئەوە شیعاری ئازادیو یەکسانی بوو کە بەرزکرایەوە نەك دروستکردنی دوژمنایەتی نەتەوەیی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەداو سەرباری ئەو گرنگیەی کە جموجۆڵەکانی ئەم دەورەیە هەیبوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەمە هێشتا هەنگاوێکە. ئەمە سەرەتای کارەو هێشتا رێگایەکی درێژمان لەپێشە. هێشتا دەبێ هەوڵبدرێت بۆئەوەی ئەم رادیکالیزمە تەعمیم بکرێت. دەبێ هەوڵبدرێت تۆری نارەزایەتیو سۆسیالیستی لە رابەرانو هەڵسووڕاوانی ئەم جموجۆڵانەدا زیاتر لەجاران یەکگرتوو و بەنفوزو جەماوەریتر بکرێت. گوتم زانکۆو خوێندکاران هاتنەمەیدان، بەڵام سەرکەوتن بەمەندە مەیسەر نابێت. ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بەڵام دەبێ درێژە بە پێشرەوی بدرێت. دەبێ ئەم جموجۆڵانە بکێشرێنە مەیدانەکانی تریشەوە. بزووتنەوەی کرێکاریو پێکهێنانی یەکێتی لە ریزەکانی کرێکارانداو هاتنەمەیدانی سۆسیالیستەکانو کۆمۆنیستەکان وەکو رابەرانی بە نفوزو یەکگرتووکەرو رۆشنبین لەم مەیدانەدا، چارەنووسسازە. لە مەیدانی ژنانو بوونی کۆمۆنیستەکان بە رابەرانو رێکخەرانی بە نفوز لەم مەیدانەداو پێکهێنانی یەکێتی لەنێو ریزەکانی ژنان لەئاستی جەماوەریدا رێگایەکە لەبەردەمماندا. وە راستیەکەی ئەمانەو دەیان مەیدانی تر دەبێ بەدەستەوە بگیرێتو کاری جدیو بەدیقەت دەخوازێت. پەنجەرەیەك بەرووی ئێمەدا کراوەتەوەو ئەمەش بایەخی خۆی هەیە. بەڵام پێشرەوی کۆمۆنیزم لە ئێراندا کاتێك مەیسەر دەبێت کە توانیبێتمان دەرفەتی ئەوەمان رەخساندبێت کە خەڵك ئێمە هەڵبژێرێتو ئیعتمادمان پێبکات. ئێمە هێشتا لەسەرەتای گۆڕان بەرەو حزبێکی سیاسیو جەماوەریداین. مەرجی سەرکەوتنو لەراستیدا هەنگاوی یەکەم لەم رێگایەدا گۆڕانی حزبی حیکمەتیست خۆیەتی بۆ حزبێك کە توانای هەڵخڕاندنو رابەرایەتی خەڵکی لە ئاستی فراواندا هەبێت. بڕبڕەپشتی ئەم حزبە دەبێ لە کرێکارانی کۆمۆنیست، ژنانو لاوانی بەنفوزو یەکسانیخوازو رێکخەرو ئاژیتاتۆرە قاڵبووەکان، بنیاتبنرێت.